

# گورگ و مەڕ

سەمەد بێهرەنگی

باران

لەفارسییەوە: د. عەزیز گەردی

هەبوو نەبوو، مەڕە ڕەشێك هەبوو. ڕۆژێ، مەڕەكە سەریدانەواند بوو بۆ خۆی دەلەوەڕا. لەناكاو سەری قیتكردەوە، چ ببینێ؟ دیتی، نە شوان دیارە و نە مێگەل و گورگێكی برسی چاو پڕ خوێنیش، وا بۆی دێ.

مەڕ وتی: ڕۆژباش.

گورگ كەڵبەكانی لێك سوی و وتی: ڕۆژباش و ژەهری مار! ئەوە تۆ لێرە چ دەكەی؟ نازانی ئەم كێوانە میراتی باوكی منن؟ هەر ئێستا دەتخۆم.

مەڕ زانی ڕۆژی لە جێیەكی خراپ لێ ئاوا بووە. دەبێ فێڵ و كەڵەكێك دابمەزرێنێ، بۆئەوەی خۆی دەربازبكات. وتی: ڕاستی، من باوەڕناكەم ئەم كێوانە هی باوكی تۆ بن. ئاخر خۆت دەزانی من خۆش باوەڕنیم. ئەگەر ڕاستدەكەی، فەرموو بچینە سەر قسنی ئەو چاكەیە. دەست لەسەر گۆڕەكە دابنێ و سوێندی پێ بخۆ تا باوەڕبكەم، جا ئەو وەختە هەقی خۆتە بمخۆی.

گورگ لە دڵی خۆیدا وتی: بەڕاستی تووشی مەڕێكی گێل هاتووم. دەچم سوێندەكە دەخۆم، پاشان پارچە پارچەی دەكەم و دەیخۆم. گورگ و مەڕ بەدوو قۆڵی هاتن تا گەیشتنە بن ئەو درەختەی سەگی ڕانەكەی لەژێردا وەركەوتبوو. پرخ و هوڕی خەوی بوو. خەونی پاشایانەی دەدی. مەڕ بەگورگی وت: ئەمە چاكەكەیە، فەرموو سوێندی پێ بخۆ.

گورگ كە دەستی لەسەر درەختەكە دانا بۆئەوەی سوێندی پێ بخوا، سەگ لە خەو ڕاپەڕی و قرقرتۆكی گرت و خنكاندی.

